ڕێباز حەملان لەبارەی دەستلەکارکێشانەوەی لە پێستی بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق پەیامێکی بڵاوکردەوە



ڕێباز حەملان لەو پەیامەکدا ڕایگەیاند، دوای دەستبەکاربونی وەك بریکاری وەزیری دارایی لەسەر ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم، دیدارو کێبوونەوەی لەگڵ بەشێکی زۆر لە بەرپرسانی بەغدا کردوە، "ڕاستییەکانم باس کرد کە حکومەتی هەرێم پابەند بوو بە داواکاریانەی لەی کراوە و هەموی جێبەجێ کردوە، بەڵام وەزیری دارایی نیگەران بوە و بەیاننامەی لەسەر دەرکردوە"، دەشڵێت، "لەو ئەنجومەنی وەزیران لێبردەم هەمو ئامادەبوان کە 24 بڕیاری گشتی ئامادەبون دەمقاڵی و گرژیی دروستبو، بە سەرسەختانە مرافەعەم لەسەر مافکانی هەرێمی کوردستان کرد".

ڕێباز حەملان ئەمڕۆ دوشەممەو لەو پەیامەکدا لەبارەی دەستلەکارکێشانەوەی لە پێستی بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، ڕایگەیاند، "لە ژیانی سیاسی خەمدا بە جاری دوەم لەسەر مافی میللەتەکەم بیاری چارنوسسازم داوە، لە بەغدا کەرامەت و مەبدەئی کوردایەتی و کوردستانی بونم خستە پێش بڕژوەندی شەخصی خەم، بڕکردیی نوێنرایەتی کورد و هەرەمم کرد، بە باوەکی کوردانە". ئاماژەی بەوەشکردوە، "بڕتایبەت کە متمانی مەسعود بارزانی وەردگریت دەبەت وەك هەڵە بەرامبەر نیاران بوستیت، لێبردەم دەستکوتی ماددی و بڕژوەندی تایبەت نابەت چەك دابدیت، لە ساڵی 2017

لەسەر پشتیوانی و پشتگیری ریفراندەم هەڵوەستم وەرگرت، پاشان لەسەر بڕگری لە حکومەتی هەرێم کە ڕێگەم نەدا ئینجومەنی وەزیران نیصابی قانونی لەدەست بدات، بەیارمدا وەک وەزیری دارایی و ئابوری لەناو حکومەت بەردەوام بم لەسەر خزمەتکردنی گەلەکەم باجی ئەو هەڵوەستەم هەرچی بێت دام".

ڕێباز حەملان باسی لەوەشکردوە، "لەگەڵ دەستبەکاربونم وەک بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، لەسەر ماف و شایستە دارایيەکانی هەرێم، دیدارو کێبونەوەم لەگەڵ بەشێکی زۆر لە بڕپرسانی بەغدا کرد لە ئاستی زۆر باڵا، دواتر لە ڕاگەیاندن چەندین دیدارم ئەنجامدا و بڕگریم کرد لە مافەکانی هەرێم، ڕاستییەکانم باس کرد کە حکومەتی هەرێم پابەند بوە بەو داواکاریانەی لەی کراوە و هەموی جێبەجێ کردوە، ئەو هەوڵانەم نیگەرانی وەزیری دارایی عێراقی لەکوتوە و بەیاننامەی لەسەر دەرکردم، بە یەکەمجارە لە سایتی وەزارەتێک لە عێراق بەیاننامە لەدژی بڕپرسێکی باڵا باوبکرێتەوە".

ئەوەشی خستەڕو، "لەبەغدا پشمەرگە ئاسا بڕگریم لەقوت و مافی خەڵکی هەرێمکرد و خەریکی بڕژەوەندی شەخسی خۆم نەبوم، دواتر لە کێبونەوەی فەرمی ئینجومەنی وەزارەت کێشەکە زیاتر گەورەکرا و لەگەڵ خودی وەزیر لەبەردەم هەمو ئامادەبوان کە 24 بەڵگەوبەڵگی گشتی ئامادەبون دەمەقاڵی و گرژیی دروستبو، بە شانازییەوە سەرسختانە مرافەعەم لەسەر مافەکانی هەرێمی کوردستان کرد".

ڕێباز حەملان دەشڵێت، "لەم ساڵی 2025دا، لەسەر داواکردن بە سەرپەرشتی کردنی مەلەفی بودجە و موچەی هەرێم، لەسەر پێداگیری لە شایستە دارایيەکانی هەرێم، هەروەها لەسەر مامەڵەی نادروستی وەزارەتی دارایی عێراق لەسەر پرسی موچە و بودجەی هەرێم، کە زۆر مامەڵەیەکی سیاسیانەیە بە ناوی بابەتی تەکنیکی و هونەرییەوە بەردەوام موچەی موچەخۆرانی هەرێم دوا دەخرێت و لەکاتی خۆیدا نایەنرن".

هونیشیکردەوە، "بە ڕەوام نەبینی من بڕپرسی باڵای وەزارەتێك بم لە بەغداد، موچە لەکاتی خۆی وەربگرم و ئیمتیازاتی زۆرم هەبێت، بەڵام هەمان وەزارەت هەکاری ناڕەحەتی میللەتەکەم بێت و هەر مانگێ و بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ هەرێم بکات، وێژدانی خۆم بڕامبەر خوای گەورەو میللەتەکەم و حیزبەکەم ئاسودەکرد، لە کۆتایی مانگی یەک بڕڕزان بڕپرسانی باڵای هەرێم و حیزبم لەم بابەتانە ئاگادارکردەوە، داوامکرد کە من دەست لە کاربکێشمەوە و چیتر مامەڵەی نادروست مایەی قبوڵکردن نییە، بەیەک دەستم لە پۆستەکەم کێشایەوە".